# سایكۆلۆژیای ژنكوژ

توێژەری كۆمەڵایەتی : حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

ئامادەگی بۆ هەر كارو كردەوەیەك، لەرووی دەروونیـەوە، پاڵنـەرو فاكتـەری سـەرەكییە بـۆ ئەنجامدانی ئەو كارو كردەوەیـە، هـەبوونی زەمینەیـەكی لـەبار بـۆ حاڵـەتی كوشـتن چ بـە شێوازی گەیشتنە حاڵەتی هیستیریایی ناكاو یان چ بەشیوازی پلان بۆ كیشراو كـە دواجـار ئامـادەیی دەروونـی و ئامـادەیی فیكـری و جەسـتەیی دروسـت دەكـات لـە كەسـی بكـوژدا، دۆزینەوەی ئەم زەمینەسازییە یاخود ئەم ئامادەگیە، كاریكی هـەروا ئاسـان نیـە، پیویـستی لە شرۆڤەكردن و یەكلاكرنەوەو لیكدانەوەی كەسیتی و میزاج و هەڵچوون و داچوون و ئاستی رۆشنبیری و پـەروەردەی كۆمەڵایـەتی ، خیزانیـی و هـەروەها پێویـستی بـە زانـینی هـزرو جۆری بیركردنـەوەو ئاشكرا كردنـی رەوشـت و رەفتـارو هەڵویـستی كەسـی ژن كـوژ هەیە بۆ شرۆڤەكردنی سایكۆلۆژییەتی ژن كوژ، پێویستە ئەو ستراكتۆرو بونیادە هـەڵكۆڵێن كـە لـە پـشت پیكهاتـەی كەسـیتی ئـەم بونـەوەرەوە وەسـتاوە، زەمینـە سازیی كـەلتووری و كۆمەڵایـەتی هـەر كەسـایەتییەك سەرچاوەگەلیكی خـۆی هەیـە، كـە رەگـو ریـشەكانی پەرشـــوبلاون و جیـــاوازن لـــە رووی كـــات و شـــوینەوە، بـــۆ وێنـــە كرۆمۆسۆم و جیناتی كەسیك لەگەڵ كرۆمۆسۆمی كەسیكی دیكەدا جوودان كە لەراستیدا (كرۆمۆسـۆم) هـەلگری زۆریكـە لـە خەسـڵەتەكانی هـزرو رەفتـارو هەڵـسوكەوت و بـاری دەروونی و سایكۆلۆژییەتی هەر كەسایەتیەكدا، كە لەریی بۆ ماوەو بە میراتی لە باوانـەوە دەیگویزیتەوەو وەری دەگریت، كەناڵ و سەرچاوەیەكی دیكەی زەمینەسازی لـە پیكهێنـانی سایكۆلۆژییەتی ژنكوژدا، بریتیـە لـە دەوروبـەرو ژینگـەی كۆمەڵایـەتی، كـە رۆڵـی كاریگـەر دەگیریـت لـە نەخـشاندنی سیما و ئـەدگارەكانی دەروون و پێكهاتـەی كەسـیتیدا، بـۆ وێنـە كەسـێتی ژینكەیـەكی ئـەفریقی لەگـەڵ ئەوروپیـدا زۆرلیـك جیـاوازن و هۆكـار و فاكتـەرە كاریگەرەكان بە كەسێتی هەردووكیانەوە دیارە و جوودان لـە یـەكتر، هـەروەها پـەروەردەی كۆمەڵایـەتی، خێزانـی بـە شـێوەیەكی راسـتەوخۆ لـە خەملانـدنی هـزرو عەقڵیـەت و سـایكۆلۆژیەتی كەسـێتی ژنكـوژدا رۆڵ و فاكتـەری سـەرەكییە، هـەروەها هۆكـاریكی دیكـەی گرنگ لەم بوارەدا بریتیە لە سیـستم و رژیمـی سیاسـی و سیـستمی دادوەری و سـەروەری یاساو دواجار گووتاری ئاینی كـە رۆڵـی زۆر ئاشكراو كاریگـەر لـە زەمینەسـازی و دارشـتنی

دەروونـــــــی و کەســـــــێتی مرۆڤــــــی بکـــــــوژو ژنکـــــــوژدا دەگـــــــیرن!

لەسەرەتادا:.

پێش ئەوەی پیناسەی مرۆڤی ژنکوژ بکەین، پیویستە پیناسەی کۆمەڵگای ژنکوژ بکەین، چونکە کۆمەڵگای کوردی خۆی سەرکردەی ژنکوژانە، کۆمەڵگایەکە تا سەر ئیسقان، جیاوازکارو رەگەزپەرستە، رەگەزی مێ بە مرۆڤ و بە ئینسانی تەواو پی قبوڵناکریت، وەکو فەرموودەیەکی پیرۆزو نەگۆر نەخشەی بۆ ئەوە کێشاوە کە ژن هاوڵاتی و بونەوەری پلە دوو بێت، پاشکۆ و پاشگرو کۆیلەی پیاو بیت، ژن نیچیریکی ئامادە و دەستەمۆی بیەیزو لاوازی بندەست پیاو بێت، بەهەرەشەو لێدان و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی گۆش بکرێت، کۆمەڵگا پیاو فێردەکات و رێنمای دەکات پیاو سالار بێت تا ژن ریسواو ئیهانە بکات، کۆمەڵگایە کە ژن ورەگەزی مێ، بە بوونەوەری بەندکراوی نیو چوار دیواری ژووریك لە قەڵەم دەدات، هەر کۆمەڵگایە ژیان بەنێر دەبەخشی و مردنیش بە مێ دەبەخشی، تاوانی کۆمەڵگایە هەموو حەرامکراویك بۆ پیاو دەکات بە حەڵاڵ ورەوا، هەموو شتی، هەموو کاریك هەموو قسە و باسێك لە ژن دەکات بەحەرام و بڤەو تابوو، بە نەنگەو بەعەیبەو بەشوورەییە، سەری دونیاو میشکی جیهانی لێ قانگداوین، هەتا کا گەیشتووە بەوەی کە زیندە بەچاڵکردن و سووتاندن و لەتوپەت کردن و فریدانی جەستەو رۆحی ژنی کردۆتە شتیکی ساناو ئاساییو عادەتیو سوننەتی، شەرەڤ ژنی لێ کردووین بە شەرەڤ پیاو و خیڵ و نیشتمان، هەر کۆمەڵگایەو دەستی زبرو شەقار شەقاری خۆی خـــــستۆتە نیــــو دەســـــتی خوینـــــاوی و ســــوورو، چـــــەپەڵی ژنکوژانـــــەوە!

بەڵام سایکۆلۆژییەتی ژنکوژ، سایکۆلۆژییەتی بوونەوەریکە کە کوری راستەقینەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەرامبەر بە شەرەف و نامووسی خیڵ و هۆزەکەی دۆشداماوەو دەرهەق بە تۆڵەسەندنەوە لە دۆخی هیستیریادا دەستەویەخە بووەتەوە ..! رەنگە ژنکوژ، لەلاویتیدا هەڵگری خولیاو خەون و هزریکی نویخواز بووبێت، بەڵام ساڵانی دژواری جەنگی دۆراو و شەری براکوژیی – کویرانە وبیسەروبەرەیی سیاسیو ئابووری ئەمرۆ، لەنیو دۆزەخی گرانیو کریچێتیو مندالْ زۆرییدا، جگە لە تورەییو بیزاریو بیباوەریو چاوچنۆکیو پیسکەییو بێ نرخی بەهاکان، چیدی بۆ نەمابیتەوە، کە دواجار کەسێتیەکی شلو شیواوو بێ ئیرادە زەدەییو روخاوی پیبەخشیوە، کە ئەمانەش بەردەوام زەبر و فشاری دەروونی بۆ دەرەخسینیو ژیانی روناکی لێ کردۆتە شەوە زەنگ و نووتەك کە ئیدی بە بیستنی حاڵەتیکی ناوازەو نائاسایی دەبیتە هەواداری توندوتیژیو توندرەوی، کە ئیتر ناتوانیت و بەلایەوە زەحمەت دەبیت بێ شیوازی ناتوندوتیژانە گوزارشت و تەعبیر

له خۆی بکات، لەرووی رۆحیو مەعنەوییەوە ئەوەندە هەژار کراوە بۆ بەرگریکردن لەخۆی و لە هەڵویستەکانی جگە لە جەستەو بەکارهێنانی ئامیرەکانی توندوتیژی بۆ کوشتنی جەستەو رۆح هیچی دیکە شك نابات!...

ژنکوژ، مرۆڤیکی غەریزی، دلپیسی چاو تاریکە، رۆشنبیرو مەدەنی نیە، نەزان و جاهیل و کالفامە، لە زۆر خەسلەتدا لە ئاژەڵ دەچی مالۆس و شەهوانی و درندەیە، هاوریی چەقۆ و دەمانچەو فیشەكو بارودو خوینە، شارنشینو شارستانیو خویندەوار نیە، بونەوەریکە هەرگیز ناتوانی بە ئاخاوتنو دیالۆگ گوزارشت لەخۆی بکات، بۆیە ناتوانیو نازانیو فیرنەکراوە ئاخاوتنو قسە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا ساز بکات!

بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتدا زۆر توندوتیژو شەرانگیزو وەحشییە!...

ژنکوژ، جەللادو قەسابو تیرۆریستو سەربرو بکوژی جوانترینو بەنرخترین مرۆڤیکە کە پیی دەڵیین (ئافرەت)و ژیانو دونیاو کۆمەلگاو جیهان بەبیٰ ئەم مەخلووقە ناسكو بیگەردو زیرەکە، یەك قرۆشی سوور ناهینی!....

بەلام ژنکوژ، زۆر زیرەكو زیتو وریایە، دەزانیت بە کوشتنی ژنەکەی یان کچەکەی یان خوشکەکەی خۆی لە سزادان قوتار دەبیتو دەزانیت کە کۆمەلگاو پیاوانی ئاینیو دەستەبژیری سیاسی لە هەڵویستی توند بۆ گرتنو سزادانی ژنکوژ، کەمتەرخەمو خەمساردن، بوونەتە کەسانیك و دەزگایەکی لاڵ و کەر وکویر و دادگاو دادوەرو یاساکەیان سەروەرو جەربەزەو سەردار نین، ئەفسوس، ژنکوژ چاك ئەوە دەزانی کە بە کوشتنی ژنیك ئیدی خەلاتی مەعنەوی وەردەگریتو بە پیاوەتیو قارەمانیتیو بە پالەوانیتی ناوزەدەی دەکەن، بۆیە رۆژ دوای رۆژ ژنکوژان زیاد دەکەنو پەرەدەسینن، کوردستان بۆتە مەنزلی ژنکوژان و بۆتە ژنکوژستان!